# ئەنفال
# لە مێژووی هەزاران ساڵەی کوردستاندا

**حەسەن جودی**

بێگومان ناکرێ رووداوێک یان پرۆسەیەک بەبێ بنچینە مێژووییەکەی لێکدانەوەی زانستیانەی بۆ بکرێ، بەتایبەتی ئەو رووداو و پرۆسانەی رەگ و ریشەیەکی مێژووییان هەیە و بەردەوامییان بەخۆیان داوە، ئەگەر ئەم راستینەیە سەلمێنراو بێت، ئەوا دەبێت پێناسێکی مێژووییانە بۆ هەر رووداو و پرۆسەیەک بکەین و هۆکار و قۆناخ و مەوداکانیش لێکبدەینەوە. لەم چوارچێوەیەدا دەکرێ زانستیانە ئەنجامگیر بین و ئەمرۆ و داهاتوو راست بخوێنینەوە.

"ئەنفال"یش یەکێکە لە کۆنترین ئەو پرۆسانەی کە بەدرێژایی مێژووی شارستانیەتی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی جێ بەجێ کراوە و سیمای هەمیشەیی وەرگرتووە. جوگرافیای یەکەمی ئەو پرۆسەیەش خۆرهەڵاتی ناوین بووە و هەر لەم جوگرافیایەشدا گەیشتە لوتکە. کەواتە ئەنفال چییە؟ ئەنفالکاری و ئەنفالبوون بۆچی؟ قۆناخەکانی ئەنفالکاری کولتووری سامیگەرایی و ئەنفال، ئیسلام و ئەنفال، بەعسیزم و ئەنفال هەیە؟ بۆچی مێژووی کوردان مێژووی ئەنفالبوونە؟ چۆن سۆنگەی ئەنفال و ئەنفالبوون لەمێژوودا دیاربکەین و تا چ رادەیەک ئاقاری رووداوەکان و ئاراستەی مێژووی گۆڕیوە؟ داخوا ئەنفال وەک پرۆسەی مێژووکرد چ ئایدیۆلۆژیا و کولتوور و ئەقڵیەتێکی لەپشتییەوە وەک پاشخانێک رادەوەستێ؟ تاکەی ئەنفال و ئەنفالبوون؟

لەوانەیە ئەو برە پرسیارە سادە و ساکار بێنە بەرچاو، وەلێ هێشتا بەشێوەیەکی سەراپاگیر و بابەتیانەش بەرسڤ نەدراونەتەوە. لە رۆژگاری ئەمرۆشدا کە ئەو پرۆسەیە شەرمەزار و مەحکوم دەکرێ و شیوەنی بۆ دەگێڕدرێت، رووداوەکانی ئەو پرۆسەیە دیکۆمێنت دەکرێ، بەڵام بەرسڤی ئەو برە پرسیارە سادەیەش نادرێتەوە و هێشتا نەبرداوەتە سەر سەکۆ نێودەوڵەتییەکان، ئەمەش کەمتەرخەمییەکی شێلگیرانەی رۆشنبیر و مافپەروەرانە، چونکە ئەو پرۆسەیە سەرەڕای ئەوەی سیمای هەمیشەیی وەرگرتووە و بەردەوامە، کەچی تائێستا شینەکراوەتەوە و تیۆریزە نەبووە، بۆیە پرسیارەکان ساکار دەبینرێت، لەهەمانکاتیشدا بێ وەڵام ماونەتەوە.

لەم نووسینەدا، ئەگەر زۆر بەکورتیش بێت، هەوڵدەدەین تاوتوێی ئەو مەسەلانە بکەین، ئەگەر بەرسڤی تەواویش بەدەست نەخەین، ئەوا وروژاندنیان سەرەتایەکە بۆ گەیشتنە بەرسڤ و هەنگاوێکە بۆ خۆدەربازکردن لە لۆژیکی " لەگەڵ چووان مەچوو" یان لۆژیکی "هەزار نووسین بارتەقای گیانی ئەنفالکراوێک نییە" هەروەها خۆدەربازکردنیشە لەهەڵویستی شەرمەزارکردنێکی سەرپێیانەی بێ ئەنجام و شیوەنکارییەکی سواو و بەکەفوکوڵ. تەنانەت ئەو وروژاندنەوەیە دەهێڵێ ئەگەری ئەنفالبوونی دیکە ببینین کە هێشتا زەمینە و فاکتەرەکانی لەئارادان و هەمان ئەقڵیەتی ئەنفالکاریش باڵادەستن، هەروەها دەهێڵێ بەدوای ئەو ڕێگایانەدا بگەڕێین کە لەبری ئەنفالبوون چارەسەری بۆ ئەو کێشە و ناکۆکییە هەڵپەسێردراوانەی ئەنفالییان لێدەکەوێتەوە دەئافرێنێ.

## ئەنفال چییە؟

ئەنفال: پرۆسەیەکە لەکاتی جەنگ و یەکلابوونەوەی جەنگەکان جێ بەجێ دەکرێ، ئەنفالکردن کولتوورێکی تاڵانکارییە بۆ سەردەمەکانی شەڕی عەشیرەت و هۆزەکان دەگەڕێتەوە، هەروەها پرۆسەیەکی سڕینەوە و وێرانکردنی هەمەلایەنە، بەڵام لە شوێنیشیدا هیچ بونیادنان و ئاواکردنێکی بەدواوە نایەت. ئەنفالکردن: واتە بەدەستخستنی دەسکەوت"غەنیمە"ی شاڵاو و هێرشە داگیرکاری و ڤەبوونەکان"فتوحات". لەنێو پرۆسەی ئەنفالکردندا؛ داگیرکاری، کۆمەڵکوژی، زیندەبەچاڵکردن، وێرانکردن و سووتاندنی هەر شوێنێکی ئاوەدانی، تاڵان، هەتککردن، کۆیلەکردن، ملکەچکردن، چەتەگەری، ڕاگواستن و دەربەدەری و ئاوارەکردن...هتد پراکتیزە دەکرێت. دەکرێ ئەم پێناسەیە پێناسەیەکی سادە بێت، هەڵبەتە کاتێک قۆناخەکانی ئەو پرۆسەیە تێدەپەڕن، ئەوا مەودای جوداتریش لەخۆیەوە دەگرێت، بەمەش ئەم پێناسەیە کەموکورتی تێدەکەوێ. بۆیە هەر قۆناخە و پێویستی بە پێناسەی فراوانتر و گشتگیرتر هەیە.

# مێژووی هەزاران ساڵەی ئەنفال

پرۆسەی ئەنفال سەرەتا لەپێناو دابینکردنی پێداویستییە ماددییەکان، هۆزێک لەبەرامبەر هۆزێکی دیکە، بەهێرش و شاڵاو ئەنجامیدەدا. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە هێشتا کۆمەڵگا جودایی و دابەشبوونی چینایەتییانەی بەخۆوە نەبینیبوو. بەتایبەتی کاتێک ئەو لەڕووی پێداویستییەکانەوە تەنگەتاو دەبوون. کامە هۆز لەوەی دیکە بەهێزتر بووایە ئەوا دەیتوانی ئەو پرۆسەیە ئەنجام بدات. خاڵی هەرە گرنگ لەو قۆناخە سەرەتاییەدا ڕەوا و پیرۆز دیتنی ئەو پرۆسەیەیە. ئەو ڕەوایەتی و پیرۆزییەشیان لەمیانی پەرستنی تەوتەمەکان و باڵادەستی کولتووری بەشانازییەوە بەدەستخستووە. بەگوێرەی ئەوجۆرە

پەرستن و کولتوورەش بەتاڵانبردن و تاڵانکردنی هۆزێک لەلایەن هۆزێکی دیکەوە لەپێناو سەرخستنی هێزی ئەو تەوتەمەیە، کە دەیپەرستن و بنکەوتنی ئەو تەوتەمەش کە هۆزی بنکەوتوو دەیپەرستێ. بێگومان ئافراندنی گیانی سەرکەوتنیش لەئەنجامی پەیڕەوی کولتووری شامانیزمی و "طقوس"ەکانییەوە بەدیدێت. بۆیە شاڵاوبردن و تاڵانکردن و زەفتکردنی جێنشینی هۆزێکی دیکە – کە خۆی لەخۆیدا بنەمای لۆژیکی ئەنفالکردنە – بەپشت بەستن بەو هێز و ورەیەی لە تەوتەمی پەرستراو و کولتوورەکەی جۆرێک لە ڕەوابوون و پیرۆزی بەپرۆسەی ئەنفالکردن داوە.

بێگومان ئەو پرۆسەیە زیاتر لەکۆتاییەکانی سەردەمی نیۆلۆتیک(چەرخی بەردینی نوێ) و سەردەمی شاڵاوە کۆچبەرییەکانی هۆزە سامییەکان پەرەی سەندووە و پێشکەوتووە. ئەمەش لەگەڵ خۆیدا زێدەبەرهەمی و سەرەتای کۆیلەکردنی مرۆڤی هێنایە ئاراوە. چونکە پرۆسەی ئەنفال گردبوونەوەی بەرهەم و فراوانکردنی لەوەڕگاکان و دیلکردنی مرۆڤی لەکاتی هێرش و شاڵاوەکاندا خوڵقاند. بەمەش لەسەرەتای دابەشبوونی چینایەتییانەی کۆمەڵگا دەست پێدەکات. لێرەدا بنچینەی ماددی و مەعنەوی ئەنفالکردن بەدیار دەکەوێت. ئەمەش ڕەوایەتی و پیرۆزی بەو پرۆسەیە دەدات.

لەسەردەمی سۆمەرییەکاندا؛ کاتێک دابەشبوونی چینایەتییانەی کۆمەڵگا ڕوو لە گەشەسەندن دایە و شارەکان بونیاد دەنرێن، بنچینەکانی بەدەوڵەت بوون سەقامگیر دەبن و لەپەرستگاکانیشدا ڕاهیبەکان میتۆلۆژیا بەرهەم دێنن و پاسەوانی لەبەرهەمی زێدە و گردکراوە دەکەن و بەلێکدانەوەی میتۆلۆژی بەچینایەتیبوونی کۆمەڵگا ڕەوادەکەن. هەروەها لەوکاتەشدا کە تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنان و شەڕ پەرەدەستێنێ، ئەوا پرۆسەی ئەنفالکردنیش دەکەوێتە قۆناخێکی پێشکەوتووترەوە و زێدە و بەرفراوان دەبێت، ئەمجارەیان لەبری گوندەکان شارەکان بەر شاڵاوی ئەنفالکردن دەکەون. ئیدی ئەو ڕەفتارانەی پرۆسەی ئەنفالکردن شێوازی جیاجیا لەخۆوە دەگرێت. بەڵام دیسان سیمای ڕەوایەتی و پیرۆزی لەدەست نادات، بەڵکو لەچوارچێوەی لێکدانەوە و میتۆلۆژیاکاندا وەک فەرمان و ئەرکێک کە لەلایەن خواوەندەکانەوە بە پادشاخواییەکان"الملك الاله" دراوە و دەبێت پێکبهێنرێت.

بێگومان لەشەڕی نێوان خواوەندەکاندا – کە خواوەندە ژنەکان تێیدا بندەکەون و هەروەها گەلێک شێوازی دیکەی شاڵاو و شەڕ و شۆڕ، سەرەتایەکن بۆ چەکەرەبوونی ئەقڵییەتی ئەنفالکردن، چونکە لەڕاستیدا شەڕی نێوان خواوەندەکان و ئەو شێوازانەی دژی یەکدی گرتوویانەتەبەر بریتین لەشێوازەکانی ئەنفالکردن، کەدواتر لەناو کۆمەڵگادا بەکاردەبرێن، هەڵبەتە ڕۆڵی ڕاهیبەکان لە بەمیتۆلۆژیاکردنی ناکۆکی و ململانێیە کۆمەڵایەتییەکان نکوڵی لێناکرێ، چونکە شەڕ و ناکۆکی نێوان

خواوەندەکان وێنە و ماکێتێکی میتۆلۆژیانەی ناکۆکی و ململانێیە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان بوو و گوزارشتی لێدەکرد.

لەڕاستیدا بەرهەمهێنانی میتۆلۆژیا لەلایەن راهیبە سۆمەرییەکانەوە وەک یەکەم ئایدیۆلۆژیای چینایەتی، لەڕوویێکەوە بۆ رەوا و پیرۆزکردنی کردارەکانی پرۆسەی ئەنفالکردن بوو. ئەو پرۆسەیەش گوزارشت لە بەچینایەتی بوونی کۆمەڵگا دەکات، دەکرێ لەم رووەوە راستییەکی دیکەش بخەینە روو کە: ئەگەر یەکەم دابەشبوونی چینایەتیانەی کۆمەڵگا دابەشبوونی نێوان رەگەزی پیاو و ژنە، ئەوا یەکەم پرۆسەی ئەنفالکردنیش لەبەرامبەر ژندا ئەنجام دەدرێت، بنکەوتنی خواوەندە ژنەکان – خواوەندی دایک – گوزارشت لەو دابەشبوون و پرۆسەیە دەکات. لەڕۆژگاری ئەمڕۆشدا زۆرترین قوربانییەکانی ئەنفالکردن دیسان هەر ژنە!!.

لەسەردەمی ئەکەدییەکاندا – بەتایبەتی لەسەردەمی حوکمڕانی سەرگۆنی ئەکەدی بەدواوە – پرۆسەی ئەنفالکردن دەکەوێتە قۆناخێکی دیکەوە و زیاتر گەشەدەسێنێ، بە پلان و بەرنامە و بەرێکخستوویی بەڕێوەدەبرێت و سیستەماتیک دەبێت. ئەکەدییەکان لە(نەژادی) سامیین، پێشتریش خاوەنی کولتوورێکی بەمجۆرەن. چونکە دژواربوونی بارودۆخی بیابان و تەنگەتاوبوونیان و پاشان کۆچبەربوونیان بەچەندین قۆناخی جیاجیا بۆ لێوارەکانی دیجلە و فورات و نیل لەپێناو دابینکردنی مەرجەکانی ژیان و گوزەران، زەمینەی پەرەسەندنی کولتووری ئەنفالکردنی رەخساندووە. بۆ نمونە: هەمان ئەو رەوشە بەشێوەیەک لەشێوەکان بەسەر ئەو هۆزە تورکانە دادێت کە لە ئاسیای ناوین بەرەو خۆرهەڵاتی ناوین ناچار دەبن کۆچبەر ببن و هەمان کولتووری تاڵانی و چەتەگەری و کردارەکانی دیکەی پرۆسەی ئەنفالکردن دەئافرێنن.

لێرەدا گرنگە قۆناخەکانی ئەو پرۆسەیە بخەینە روو. بەڵام دەتوانین لەو قۆناخی بەکولتووربوونی پرۆسەی ئەنفالکردندا ئەوە دەستنیشان بکەین کە هۆزە سامییەکان هەم لەبەرامبەر یەکدی و هەم لەبەرامبەر نەژادەکانی دیکە ئەو پرۆسەیەیان لەچوارچێوەی رەوابوون و پیرۆزیدا گەیاندۆتە ئاستی بەکولتووربوون. بێگومان کاتێک کاروانە بازرگانییەکان روو لەزیادبووندا دەبن ئەو کولتوورەش زیاتر پێشدەکەوێ و شێوە و شێوازەکانیشی زیاتر دەبێت. هەڵبەتە باڵادەستبوونی ئەو کولتوورە هۆزایەتییەی ئەنفال بەسەر هۆزە سامییەکانەوە وایکردووە کە کولتووری سامیگەرایی بەهەموو سیما و مەوداکانییەوە بەسەر هۆزە ناسامییەکانیشدا باڵادەست بێت.

ئەم باڵادەستبوونە لەڕووی زمان و کەلەپووریشدا ڕەنگدانەوەی خۆی زیاتر سەپاندووە. تەنانەت لەنێوان هۆزە سامییەکانیشدا هۆزێک بەسەر هۆزەکانی دیکەدا باڵادەست بووە و لەڕووی کولتوورییەوە ڕەنگدانەوەی خۆی داوە. بۆ نموونە: لەهەندێ قۆناخدا باڵادەستی هۆزەکانی ئەکەدی و ئارامی و ئاسوری و کەنعانی خۆیان سەپاندووە و ئەوانی دیکەیان خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیانەوە. هەروەها لەسەردەمی ئەمەوی و عەباسییەکانیشدا هەردوو هۆز کاریگەرییەکانی خۆیان سەپاندووە. مەرج نییە ئەو کاریگەرییە گشتگیری بێت، بەڵکو لەوانەیە لەهەندێ ڕووی کولتوورییەوە بووبێت، وەک زمان، شێوەیەکی زمان"لەهجە"، داب و نەریت...هتد. ئەمە بەو واتایە نایەت هەر کاریگەرکردن و باڵادەستبوونێک پرۆسەیەکی ئەنفالکردنە، بەڵام ئەو ڕاستییەش لەئارادایە کە بەڕێوەبردنی پرۆسەیەک لەپرۆسەکانی ئەنفالکردن لەگەڵ خۆیدا کاریگەری و باڵادەستییەکەشی هێناوە. ئەمەش کاریگەری نێگەتیفانەی دروستکردووە. وەک لاوازکردن و سنووردارکردنی زمان و شێوەزاری زمانێک، یان سڕینەوەی کولتووری و کۆمەڵکوژی و تاڵانی ئەو قەوم و هۆزانەی ئەنفالکراون سەپاندووە. ئیدی تاکو هاتووە ئەو کاریگەری و باڵادەستبوونە فراوان بووە و چوارچێوەی چینایەتی تێپەڕاندووە و مەودای نەژادی و ئەتنیکیشی وەرگرتووە.

## ئەنفال و ئیسلام

بەڵام لەسەردەمی ئیسلامیدا ئەو پرۆسەیە گشتگیرتر و فراوانتر دەبێت و مەودای دیکەش وەردەگرێت. یەکێک لەو مەودایانەش مەودای ئایدیۆلۆژییە. ئەو ئایینە لەمنداڵدانی کولتووری سامیگەرایی لەدایک دەبێت. بەمەش پرۆسەی ئەنفالکردن ڕاستەوخۆ بەخوداوە پەیوەست دەکرێت و بەفەرمانێکی خودایی دادەنرێت و دەبێت لەکاتی پێویستدا ئەنجام بدرێت. بۆیە لەو سەردەمەشدا پرۆسەی ئەنفال ڕەوایەتی و پیرۆزی خۆی وەردەگرێت و بەکۆڵەگەیەکی باوەڕی ئایینی لەقەڵەم دەدرێت، گوزارشتی خۆشی لە زاراوەی "جیهاد" و "فتوحات"دا دەردەبڕێت. چونکە بەگوێرەی ئەو باوەڕییە کۆمەڵ بەسەر موسڵمان و گاور و ئەهلی زیممەت و موشریکین دا دابەش دەکرێت. مادام یەک خودا هەیە و خودای هەموو جیهانە دەبێت هەموو کەس بێ جودایی نەژاد و قەوم و هۆز و ئایین و مەزهەب باوەڕی بەو خودایە بهێنن، چ بەزۆر چ بەخۆشی. ئەگەر باوەڕی نەهێنن ئەوا جیهاد و شەڕ لەدژیان ئەرکێکی پیرۆزی خودایییە و لەم پێناوەشدا ڤەبوونکردنی ئەو گەل و وڵاتانەی باوەڕی ناهێنن کۆڵەگەیەکی بنەڕەتی باوەڕییە، هەروەها هەر دەستکەوتێکیش کە بەدەست بهێنرێت ڕەوا و حەڵاڵە.

ئەوجۆرە بیرکردنەوەیەش بنچینەی تیۆری ئەنفالە لە ئیسلامدا. کاتێک بەقووڵی لەو تیۆرە بگەین، ئەوا باشتر لەو ئایەتە تێدەگەین کە دەڵێت:" يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَنْفَالِ ۖ قُلِ الْأَنْفَالُ لِلَّهِ وَالرَّسُولِ ۖ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَصْلِحُوا ذَاتَ بَيْنِكُمْ ۖ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ(الانفال – 1)". بێگومان ئەو تیۆریزەبوونەی پرۆسەی ئەنفال بەواتای بەزاراوەبوونی ئەنفال دێت و مەودایەکی ئایدیۆلۆژی وەردەگرێت. تاکو بەر لە ئیسلام ئەو پرۆسەیە خۆی نەگەیاندبووە ئاستی تیۆری و بەزاراوەبوون و لەرووی ئایدیۆلۆژییشەوە بنچینەی خۆی دانەکوتابوو. هەڵبەتە گەیشتنیشی بەم ئاستە گەیشتنییەتی بە قۆناخێکی جودا و پێشکەوتووتر. هەرچەندە میتۆلۆژیا وەک یەکەم ئایدیۆلۆژیای چینایەتی بنچینەیەکی بۆ پرۆسەی ئەنفالکردن داڕشتبێ، بەڵام ئەو بنچینەیە زیاتر وەک باوەڕی گوزارشتی لەخۆی دەکرد، لەم رووەشەوە نەرمایییەکی پێوە دیاربوو و قەناعەتی بەبنەما وەردەگرت، واتا نەگەیشتبووە ئاستی یاسایەکی رەها و مرۆڤ ناچاری جێبەجێ کردن دەکرێت، واتا لەو سەردەمەدا مەودایەکی یاسایی رەها و ناچاری وەردەگرێت و بەکۆڵەگەیەکی بنەڕەتی باوەڕیش دەبینرێت.

ئیدی لەو چوارچێوەیەدا هەرچی موسڵمان نەبووبێ دەکەوێتە بەر شاڵاوە ڤەبوونییەکان و جیهادیان لەدژ رادەگەیەنرێت، لەژێر ئەو ناوەدا گاور و ئەهلی زیمەت و موشریکەکان ناچاری بەموسڵمانبوون دەکرێن، ئەگەرنا ئەنفال دەکرێن، هەروەها دوایی بەپەرەسەندنی جوڵانەوە مەزهەبییەکان ئەو پرۆسەیە لەنێو خودی کۆمەڵگای ئیسلامیشدا جێبەجێ دەکرێت و بە"هەڵگەڕاوە و لەڕێ دەرکەوتن و گاور" ناوزەددەکرێن. لەم رووەوە جوڵانەوە مەزهەبییەکانی وەک ئەلخەواریج و شیعە و موعتەزیلە بەر ئەو شاڵاوە ئەنفالییانە دەکەون و جوڵانەوەکانیان دادەمرکێننەوە. ئەمەوییەکان کە سەرکێشی لەو ئەنفالکردنەدا دەکەن نوێنەرایەتی مەزهەبی سوونیگەرایی دەکەن، عەباسییەکانیش بەهەمان شێوە ئەو پرۆسەیەیان درێژە پێداوە، بەڵام دیسان رەوابوون و پیرۆزی و رەهابوونی خۆی لەدەست نەدا.

## ئەنفال و کورد

بەرلەوەی باس لەپەیوەندی بەعسیزم و ئەنفالکردن بکەین، دەکرێ لەو مێژووەدا هەندێک لەپەیوەندی کورد و ئەنفال وردبینەوە. لەڕاستییەوە دوور ناکەوین ئەگەر بڵێین مێژووی کوردان مێژووی تراژیدیا مەزنەکانە، پرۆسەی ئەنفالکردنیش زۆرینەی ئەو تراژیدیایانەی ئافراندووە. بەڵام داخۆ کورد کەسی ئەنفالکردووە؟ تایبەتمەندییەکی کوردان هەبووە کە زێدە دەستبەرداری شوێنی نیشتەجێی خۆیان نەبوونە و پێویستیان بە شاڵاوی داگیرکاریی نەبووە. بەڵکو خۆیان پێشەنگایەتی شۆڕشە

مەزنەکانی نیشتەجێبوونیان لە هیلالی زێڕین لەو سەردەمانەدا کردووە. واتا هانایان وەبەر شاڵاو و هێرشی تاڵانکاری و داگیرکاری نەبردووە. لەسەردەمی سۆمەری و ئەکەدی و ئاشووری و گریکی و ڕۆمانی هەمیشە خۆیان لە شاڵاو و هێرشەکانی ئەو دەسەڵاتدارانە پاراستووە و سروشتی دژواری و سەختی وڵاتەکەی بۆتە پەسارگەی هەرە قایم بۆ خۆپاراستن. بەواتایەکی دیکە لەبەرئەوەی هەمیشە لەدەرەوەی خۆی شاڵاو و هێرشی براوەتە سەر ئەویش خۆپاراستنی کردۆتە ستراتیژی گوزەران و ژیانی خۆی. بۆیە ئەگەر خۆپاراستن ستراتیژی بنەڕەتی بووبێت، ئەوا تواناکاری هێرش و شاڵاوی بۆ دەرەوەی خۆی لەدەست داوە. ئەمەش بەو واتایە دێت کە کورد پرۆسەی ئەنفالکردنی پراکتیزە نەکردووە.

بەڵام ئەی بۆچی هەمیشە ئەنفالکراوە؟ چۆن ئەو پرۆسەیەی بەسەردا پێکهێنراوە؟ دەکرێ بۆ بەرسڤی ئەو دوو پرسە بگەڕێینەوە بۆ داستانی گلگامێش. لەو داستانەدا هێمای دوو مەسەلەی گرنگ دەردەکەوێت:

یەکەم: هێرش و شاڵاوی دەشتنشینەکان بۆ سەر چیانشین و دارستانەکان، بۆ بەدەستخستنی دار و ئاسن و برۆنز و کانەکانی دیکە. دووەم: کەسێتی ئەنکیدۆ کەسێتییەکی بەکرێگیراوە و کارئاسانی بۆ ئەو هێرش و شاڵاوانە دەکات، بۆ ئەوەی ڕۆڵ و شوێنگەی خۆی لەدەست نەدات ئامادەیە هاوکاری لەکوشتنی هاونەژادەکەی خۆشی بکات و دارستان و جێنشینی هاونەژادەکەشی بەدەشتنشینەکان بسپێرێ.

بەم لێکدانەوەیە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە کورد هەم ئەنفال کراوە و هەم خۆیشی خۆی ئەنفالکردووە، ئەو ڕاستینەیە بەدرێژایی مێژووی کوردان دووپات بۆتەوە، واتا هۆزە کوردەکان بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن و بەر شاڵاوی دەرەوە نەکەون هاوکاری هێزە دەرەکییەکانیان کردووە و بەیەکەوە هێرش و شاڵاویان بردۆتە سەر هۆزە هاونەژادەکانی دیکە. ئەو هۆزانەی هەڕەشەی ئەنفالکردن و هێرش و شاڵاویان لێکراوە یان ملکەچ بوونە و هاوکاری هێزە شاڵاوبەرەکانیان کردووە یان یاخیگیر بوونە و لەئەنجامی ئەو یاخیبوونەش شکستیان هێناوە و بەر شاڵاوی ئەنفالکردن کەوتوون. ئەو ڕاستینەیە لەسەردەمەکانی بەر لە ئیسلام و لەکاتی جوڵانەوە ڤەبوونییەکانی موسڵمانە ڤەبوونخوازەکان و هەروەها دوای ئەوەش هەمیشە دووپات بۆتەوە.

لەمیانی ئەو نووسینەدا دەتوانین زیاتر تیشک بخەینە سەر جەوهەر و مەوداکانی ئەنفالکردنی کوردان لەلایەن موسڵمانە ڤەبوونخوازەکان. بەر لەهەموو شتێک کولتووری سامیگەرایی بەگشتی، سەرەڕای باڵادەستبوونیشیان، بەڵام ئاریەکان نەچوونەتە ژێر رکێفی ئەوان و بەهۆی شاڵاوە سامییەکانەوە هەمیشە لەچیا خۆیان حەشارداوە و پاراستووە. هەروەها لەبەرئەوەی کولتووری سامیگەرایی کولتوورێکی دەشت و بیابانەکانە و ئەو کولتوورە زێدە کاریگەری نەکردۆتە سەر کوردان، واتا کولتووری سامیگەرایی کولتوورێکی بە کوردان نامۆ بووە و جێی خۆی نەکردۆتەوە.

بەڵام لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتییە ئیسلامییەکان "چوار خەلیفەکە، ئەمەوی و عەباسییەکان" ئەگەر ئەو نامۆبوونە بەتەواوی لاواز و کزیش نەبووبێت، ئەوا لە گەلێک لایەنەوە کاریگەری نێگەتیفانەی خۆی سەپاندووە. هەرچەندە ئایینی ئیسلام وەک ئایینێکی نامۆش هاتبێتە کوردستان، بەڵام کوردانیشی لە ئایین و باوەڕییەکانی خۆیشی دوورخستۆتەوە. بەتایبەتی ئایینی زەردەشتی بە ئایینێکی ناخودایی لەقەڵەم داوە و دژایەتی باوەڕی و کولتووری ئەو ئایینەی کردووە.

بۆیە دەتوانین بڵێین: شاڵاوە ڤەبوونییەکانی ئیسلام بەر لەهەموو شتێک شاڵاوێکی ئایدیۆلۆژی بووە. دەکرێ ئەمەش بە ئەنفالی ئایدیۆلۆژی یاخود ئەنفالی کولتووری ناوزەد بکەین. هەڵبەتە ئەگەر ئەو شێوازەی ئەنفالکردنی ئەنجام دابێ، کە لەهەموو شێوازەکانی دیکەی ئەنفالکردن دژوارتر و ترسناکترە، ئەوا بەئاسانی شێوازەکانی دیکەی ئەنفالکردنی پەیڕەو کردووە. لە شیعرێکی "پیرشالیار"دا کە شاعیرێکی سەردەمی جوڵانەوەی ڤەبوونەکانی ئیسلام بووە، دەردەکەوێت کە هەموو شێوازەکانی ئەنفالکردن دژی کوردان جێبەجێ کراوە، تەنانەت ژنانی کوردیش بەشێک بوون لەو دەسکەوتانەی کە موسڵمانە ڤەبوونخوازەکان لەگەڕانەویاندا بۆ عەرەبستان لەگەڵ خۆیان بردوویانن و وەک جاریەی خۆیان پەسندیان کردوون.

بێگومان چینی باڵادەستی کورد، سەرۆک هۆز و عەشیرەتەکان زۆربەیان لەم رووەوە ئاسانکارییەکی تەواویان بۆ موسڵمانە ڤەبوونخوازەکان کردووە کە بەمەرجێک زیان بە دەسەڵاتە هەرێمییەکانیان نەگەیەنن. هەڵبەتە یەکانگیربوونەوەی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی فیوداڵیانەی ئیسلام لەگەڵ شێوازی دەسەڵاتدارێتی عەشیرەتگەریانەی کوردان، زەمینەی ئەو پرۆسەی ئەنفالکردنە گشتگیرییەی زیاتر رەخساندووە و سەپاندووە. بەگشتی؛ پرۆسەی ئەنفالکردن لەو قۆناخەدا بەرگێکی ئایینی و مەزهەبی دەپۆشێ. هەروەها بەشێوەیەکی رەها وەک ئەرکێکی خودایی پیرۆز و رەوا و ناچار دەبینرێت و رەوایی ئایدیۆلۆژی و کولتووریش وەردەگرێت. بۆ نموونە: لەڕووی کولتوورییەوە، لەسەردەمی

ئەمەوییەکاندا – بەتایبەتی لەسەردەمی خەلیفەی ئەمەوی "مەروان و کورەکەی عەبدولمەلیک بن مەروان" – زمانی عەرەبی وەک زمانێکی خودایی و زمانی قورئان دادەنرێت و بە بڕیارنامەیەک دەبێتە زمانی ئایین و دەوڵەت و بازرگانی و زمانەکانی دیکە قەدەخە دەکرێن.

بێگومان بەکولتووربوونی پرۆسەی ئەنفال و گەیشتنە ئاستی تیۆری و بەزاراوەبوون ئەنجامی گردبوونەوەیەک کە وەک پاشخانێکی گەورە و رەگداکوتاو خۆی دەگەیەنێتە ئاستی بەکولتووربوون و تیۆری و بەزاراوەبوون. ئەگەرچی گەیشتنی بەو ئاستە لەچوارچێوەی کولتووری سامیگەراییدا بەرجەستە دەبێت، بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت جگە لە سامییەکان هیچ نەژادێکی دیکە ئەو پرۆسەیەیان ئەنجام نەداوە. ئەگەر وابیر بکەینەوە ئەوا دەکەوینە نێو هەڵەیەکی سۆسیۆلۆژییەوە، چونکە لەمیانی هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکردنی مێژووی شارستانییەتی مرۆڤایەتی دەگەینە ئەو راستییەی کە ئەو مێژووە بەهەموو لق و پۆپەکانییەوە لەڕوویێکەوە شارستانییەتی تراژیدیا و ئەنفالە مەزنەکانە. بێگومان دەڵێین؛ لەڕوویێکەوە نەک بەشێوەیەکی سەرتاپاگیری. هەڵبەتە ئەگەر ئەمە راستی بێت ئەوا تاڕادەیەک ئەو تراژیدیا و ئەنفالە مەزنانە ئاقار و ئاراستەی مێژووییان دیاریکردووە و سیماکانی شارستانییەتیان رەنگرێژکردووە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو راستیانە، کولتووری سامیگەرایی دوای کولتووری نیۆلۆتیک و هیلالی زێرین وەک کۆنترین و باڵادەستترین کولتوورە و لەگەڵێک رووەوە پیشینەی هەیە و کۆڵەگەیەکی گرنگی مێژووی شارستانیەتی مرۆڤایەتییە. بۆیە ئەگەر بڵێین: دەرکەوتن و پەرەسەندن و بەکولتووربوون و گەیشتنە لوتکەی "پرۆسەکانی ئەنفال" لەنێو پانتایی کولتووری سامیگەراییدا پێکهاتووە و رەوایەتی پیرۆزی پێدراوە، ئەوا زێدەڕۆیی لەخستنەرووی راستییەکان ناکەین.

## ئەنفال و بەعسیزم

لەڕوانگەی ئەو راستییانەی مێژوو و بەو لێکدانەوە پووختە دەتوانین پەیوەندی ئەنفال بە بەعسیزمەوە زیاتر تێبگەین. چونکە بەعسیزم بەرهەمی ئەو پاشخانە کولتوورییەی سامیگەراییەیە کە لەنەژادپەرستی و شۆڤێنیزمی عەرەبیدا چڕبۆتەوە و فۆرمیلە بووە. بەعسیزم وەک ئایدیۆلۆژیایەکی نەژادپەرست و شۆڤێنیست و موتوربەکراو بە دەمارگیری ئایینی و مەزهەبی خاوەن پرۆژەیەک بووە. لەم پرۆژەیەدا عەرەب وەک خاوەن پەیامێکی نەمر "ذات رسالة خالدة" پێناسە دەکات و دەناسێنێت، بەگوێرەی ئەو پرۆژەیەش عەرەب پێشەنگی هەموو مرۆڤایەتییە و باشترین ئوممەتن لەسەر رووی زەوی. بێگومان ئەمەش لەو ئایەتەوە هەڵهێنجراوە کە بە عەرەبان دەڵێت:

“كنتم خير أمة أخرجت للناس” ئیدی بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە سەربکەوێ کە لەدەستنەدانی ئەو پەیامە نەمرەیە، ئەوا پرۆسەی ئەنفالکردن شێوازی پراکتیزەکردنی ئەو پرۆژەیەیە. هەروەها لەم پرۆژەیەدا ئێراق پارچەیەکە لە وڵاتی عەرەب و دەرگای مەزنی رۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەبە و ئەرکێکی بەمجۆرەی لەسەر شانە. بۆیە ئەو پرۆژەیە گوزراشت لەوە دەکات کە دەبێ عەرەب وەک باشترین ئوممەت بمێننەوە و بەشێوەیەکی رەها هەمیشە پێشەنگی مرۆڤایەتین، ئەمەش پەیامێکی نەمری سەرشانی عەرەبە و دەبێ وەک ئەرکێک پێکبهێنرێت.

لەڕاستیدا لەپشت ئەو پرۆژە و پەیامەدا پرۆسەی ئەنفالکردن هەیە، هەروەها گرێیەکی سایکۆ-سۆسیۆلۆژی هەیە کە عەرەب دوای ساڵانی 1500 ئیدی لەپەراوێزی مێژوودا دەمێننەوە و ئەمەش گرێیەکی سایکۆ-سۆسیۆلۆژی لەلای عەرەب ئافراندووە کە هەست بە کەمی- الشعور بالنقص - بکەن. بۆیە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا کۆمەڵگای عەرەبی ئەوەندەی لەگەڵ رابردووی خۆیدا دەژی، ئەوەندە لەگەڵ ئەمڕۆ و داهاتوودا ناژی و بیری لێناکاتەوە. ئەوەندەی بەشان و شکۆی مێژوویدا هەڵدەدات ئەوەندە راستینەی ئەمڕۆی خۆی و ئاسۆی داهاتووی نابینێ. ئەمەش لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە گرێیەکی کوێری لەلای تاک و کۆمەڵگای عەرەبدا دروست کرددوە، مەگەر تەنیا بەزەبروزەنگ و پرۆسەی ئەنفال لەبەرامبەر گەلانی دراوسێیان وەک” کورد، بەربەر، ئاسوری،...” بکرێتەوە. ئەو گرێیە وای لە کەسێتی عەرەبی کردووە کە لەبەرامبەر جیهانی دەرەوەی خۆرهەڵاتی ناوین خۆی بەکەم بزانێ، هەرچەندە لەڕووکاردا هەمیشە دیرۆکی خۆی دەکاتە شاهید، لەبەرامبەر گەلانی دیکەی خۆرهەڵاتی ناوین، بەتایبەتی گروپە ئەتنیکییەکان و ئەوانەی نەبوونەتە خاوەن قەوارەی نەتەوەیی، خۆی باشتر و شکۆدارتر ببینێ، بۆیە لەبەرامبەریاندا زەبروزەنگی بەکارهێناوە. خاڵێکی دیکەی پەیوەست بەم مەسەلەیە کاتێک چینی خانەدان و بۆرژوازی باڵادەست دەبن و دەگەن بە دەسەڵات ئەوا لەبەرامبەر بە گەلی خۆشیان هەمان زەبروزەنگ بەکاردەهێنن، رەوشی ئێستای دەسەڵاتە مۆنارشی و ئۆتۆکرات و پادشاییەکانی عەرەب گەواهی ئەم راستییەن.

لەراستیدا ئەو پرۆژەیەی بەعسیزم – بەعسیزم خۆیشی کاردانەوە و رەنگدانەوەی ئەو گرێیەیە هەرچەندە وەک پرۆژەیەکی نەتەوەیی رەوا و پیرۆز ببینرێت – ناسیۆنالیزمیش خاوەنی هەمان پرۆژە بوو. بەڵام لەناواخنی خۆیدا پاشخانێکی کولتووری هەزاران ساڵەی هەیە. مرۆڤ دەتوانێ بەم شێوەیەی خوارەوە ئەو پاشخانە کولتوورییە ریزبەند بکات: لەنێو هەموو کولتوورەکاندا کولتووری سامیگەرایی، لەنێو کولتووری سامیگەرایشدا کولتووری عەرەبی، لەنێو کولتووری ئەویشدا

کولتووری ئیسلامی و لە ئیسلامیشدا کولتووری سوونتیگەرایی، دەکرێ بڵێین راستینەی ئەو پرۆژەیە بریتییە لە پرۆژەیەکی نەژادی، شۆڤێنیستی و مەزهەبی.

ئەو پرۆسەی ئەنفالکردنە لەمیانی دەسەڵاتی 39 ساڵەی بەعسییەکان لە ئێراقدا ئەنجام دراوە، تەنیا ئەنفالەکانی ساڵی 1988دا لەخۆی ناگرێت، بەڵکو بەدرێژایی تەمەنی ئەو دەسەڵاتە سەرجەم شێوازەکانی ئەنفالکردن پەیڕەوکراوە. بۆنموونە: سوتاندنی هەزاران گوند و شارۆچکە لەنێوان ساڵانی 1963 – تاوەکو ئەمڕۆ، شوێنبزرکردنی هەشت هەزار بارزانی لە ساڵی 1983 و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و بالیسان و دۆڵی جافایەتی و باڵەکایاتی و دەشتی هەولێر و بادینان لە ساڵی 1988 و زیندەبەچاڵکردنی دووسەد هەزار ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە لەبیابانی عەرعەر لەمیانی هەشت هەڵمەتەکەی ئەنفال لەساڵی 1988، لەسێدارەدان و گوللەبارانکردنی دەیان هەزار کەس لەزیندانەکاندا، هەروەها وشککردنی زۆنگاوەکان لە باشووری ئێراق کە شوێنی نیشتەجێی زیاتر لە نیو ملیۆن کەس بوو. لەلایەکی دیکەوە پەیڕەوکردنی بەردەوامی سیاسەتی راگواستن، بەعەرەبکردن، بەبەعسیکردن" بەشێوەیەکی سەرتاپاگیر و زۆردارانە...هتد ئەو نموونانە کە بەشێکی بەرچاوی پرۆسەکانی ئەنفالکردنن لەلایەن بەعسییەکانەوە ئەوە دەخەنە روو کە پرۆسەی ئەنفالکردن پرۆسەیەکی درێژخایەن و هەمە لایەنە و گشتگیر بووە و گەوهەری پرۆژە نەتەوەییەکەی بەعسیزم پێک دەهێنێ.

خاڵی هەرە سەرنج راکێش ئەوەیە کە لەمیانی هەشت هەڵمەتەکەی ئەنفالی ساڵی 1988دا بە ئاشکرا لەدەزگا راگەیاندنەکانی خۆیدا پروپاگەندەی بۆ دەکرد و وەک کردەیەکی رەوا و پیرۆز و ئەرکێکی خودایی و نیشتمانی لەقەڵەم دەدا، بێ ئەوەی لەجیهاندا کەسێک نارەزاییەکی بچووکیش لەبەرامبەر ئەو پرۆسەی ئەنفالکردنەدا دەرببڕن.

هەروەها لەمیانی ئەو هەڵمەتانەدا ئەفواجی خەفیفە "جاشە کوردەکان" رۆڵێکی گرنگیان لەسەرخستنی ئەو هەڵمەتانەدا بینی. رژێم لەو رووەوە خاڵی لاوازی کوردانی بینیبوو، بۆ نمونە جاشەکانی بادینانی دەبردە ناوچەکانی سۆران و ئەوانی سۆرانیشی دەبردە بادینان، یان جاشەکانی گەرمیانی دەبردە کوێستان و ئەوانی کوێستانیشی دەبردە گەرمیان و ...هتد و کردەکانی ئەنفالیان پێ ئەنجام دەدا. بێگومان ئەو ئەفواجە خەفیفانە زۆربەی هەرەزۆریان سەرۆک هۆز و عەشیرەتەکان راوێژکار"مستسار"یان بوون و چەکدارەکانیشیان بریتیبوون لە ئەندامانی ئەو هۆز و عەشیرەتانە. ئەو واقیعە تراژیدیایەی کوردان لەگەڵ راستینەی ئەنکیدۆ و خمبابا لەداستانی گلگامێش دا یەکانگیر

دەبێتەوە و گوزارشت لەیەکدی و تەواوی مێژووی کوردان دەکەن. ئەمەش لەدووپاتبوونەوەی دیرۆک زیاتر هیچ واتایەکی دیکەی ناگەیەنێ.

## دەرئەنجام

لەپووختەی ئەو لێکدانەوەیەدا و لەمیانی دیتن و تێگەیشتنی رەوشی ئەمڕۆی ئێراق بەگشتی دەگەینە ئەو راستینەیەی هێشتا پرۆسەی ئەنفالکردن لەئارادایە، بەتایبەتی لەڕووی بەعەرەبکردن و راگواستن و بەبەعسیکردن و لەمەش زیاتر ئەو ئەقڵیەتەی کەوا لەپشت پراکتیزەکردنی پرۆسەی ئەنفالکردندا خۆی مەڵاس و حەشارداوە، هێشتا باڵادەست و حوکمڕانە، ئەو کولتوورەی کەوا ئەو پرۆسەیە بەردەوام بەرهەم دێنێتەوە ئەویش هێشتا بەرگری لەرەوایەتی و پیرۆزی رەهابوونی خۆی دەکات و دەخوازێ پانتایی و شوێنگەی مێژوویی خۆی بەهەموو شێوازێک بپارێزێ.

لەئاکامدا دەتوانین ئەو لێکدانەوەیە بەوە کۆتایی بهێنین و بڵێین: دەکرێ بە پرۆژەیەکی شارستانی دیموکراسی و ئازادی و لەسەر بنەمای بەیەکەوەژیانی یەکسان، کە سەرجەم کولتوورەکان یەکدی پەسند و بەهێز بکەن و تەواوکەری یەکدی بن. رێگە لەبەردەم ئەو پرۆژە ترسناکەی ئەنفالکاری بگیرێت، ئەمەش تەنیا بە بەرپاکردنی رێنیسانسێکی گشتگیری خۆرهەڵاتی ناوینی ئەنجامگیر دەبێت، بێگومان سەرکەوتنی رێنیسانسێکی بەمجۆرە کە ئەمڕۆ بۆتە پێداویستییەکی ژیانیی لەسەر بنچینەی شۆڕشێکی ویژدانی و ئەقڵانییەت بەدیدێت، گەرەنتی هەرە مەزنیش بۆ ژیانێکی ئازاد و دیموکرات و بێ پرۆسەی ئەنفالکردن و ئەنفالبوون تەنیا ئەو رێنیسانسە شکۆدارە چاوەڕوانکراوەیە.

*تێبینی نووسەر: ئەم وتارە لە گۆڤاری "کوردستانی ئیمڕۆ" ژمارە (16و17)ی ساڵی 2002دا لاپەڕە 52 تا 59 بڵاوکراوەتەوە، کە گۆڤارێک بوو کاتی خۆی لە ئەورووپا دەردەچوو. هەروەها لە تەممووزی 2018شدا لە ماڵپەڕی ئەنفالستاندا www.anfalistan.com بڵاوکراوەتەوە لەبەر ئەوەی لە باشوور ئەو گۆڤارە و ئەم وتارەش نەگەیشتۆتە دەستی خوێندەواران، بۆیە لەبەر گرنگیی بابەتەکە بە پێویستم زانی دیسان بڵاوی بکەمەوە.